

# من و خۆم

شیعری
حەمە کاکەڕەش.

کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە
کەسێک نییە من و خۆم ئاشت کاتەوە.

لە هەموو دنیا خۆش دەبم لە خۆم نەبێت.

کەس شک نابەم منی لە لادانێم
خۆمی شێت کردووە.

لە شەڕی نێوان من و خۆما

من، من ناکوژم لە داخی خۆم
خۆم، خۆی ناکوژێ لە داخی من

لە شەڕی نێوان من و خۆما
هەزاران تەرم کەوتوون، تەرمی خەون و خەیاڵەکانم.

کە من پێدەکەنم خۆم دەگری
کە خۆم پێدەکەنێت من دەگریم.

من لە خۆم تێناگەم
خۆم لە من تێناگات
دەڵێی هەر یەکەمان لە مەملەکەتێکی ترەوە هاتووین.

من لە خۆم هەراسانم، خۆم لە من هەراسانە
کە چی هەر پێکەوە دەژیین.

چۆن دەبێت؟ من و خۆم پێکەوە بمرین
کە هیچ شتێکمان لە یەک ناچێت.

گوناهە من و خۆم بخرێینە یەک گۆڕەوە

من لێرەم و خۆم لەوێیە
خۆم لێرەم و من لەوێم
کەچی بەردەوام پێکەوەین.

من خوێنم وەک ڕووناکی دەدرەوشێتەوە
کەچی خۆم خوێنی پڕە لە تاریکی
من بێبڕواترین پیاوی دونیام٠
خۆم دڵی لە دەستی خواوەندایە.

باران وەک منداڵێک دەگری
من باران دەکەمە کۆڵ
تا بیبەمەوە بۆ ئاسمان
ماڵی من ئاسمانە
خۆم لەسەر زەوی بە جێ دەهێڵم
ئەترسم ئاسمانیش پڕ بێت لە بیهودەیی.

من خۆم نیم
خۆم من نییە
ئەی کێم؟!

من و خۆم (پێکەوە و) تەنیاین
خۆم و من (تەنیا و) پێکەوەین
من تا ئێستا خۆم نا ناسم
خۆم تا ئێستا من نا ناسێت
تارماییەک لە گەڵمایە
نازانم من (تارماییم) یان خۆم.

من گوناهەکانم دەخەمە ئەستۆی خۆم
خۆم گوناهەکانی دەخاتە ئەستۆی من.

من نهێنییەکان لە خۆم دەشارمەوە
خۆم نهێنییەکان  لە من دەشارێتەوە
من و  خۆم پێکەوە نهێنین!

من دەستم پڕە لە ڕووناکی
خۆم دەستی پڕە لە تاریکی
دەستەکان پڕن بە کراوەیی.

من دەستم بە ڕەنگی پەپوولەکانەوە ڕۆیی بۆ کەنارەکانی باران
خۆم پەپوولەکانی سپاردە بێڕەنگیی بیابان و بێهەستیی مەرگ

من لە پەنجەرەی سێوەکانەوە
هەموو شتەکانم بازنەیی دەبینی
ئاسمان و سەرزەوی و مردن و ئەشق
خۆم لە باڵی پەپوویەکەوە وەک دڵۆپێ تاریکی دەچۆڕایەوە ناو باغ
دووریی نێوان من و خۆم نانووسرێتەوە بە سێبەری وشە
وەک دووریی نێوان خۆم و من وایە
من سپی سپی دەچمەوە
خۆم ڕەش ڕەش دەچێتەوە
نێوانی سپێتیی من و ڕەشێتیی خۆم
وەک نێوان ڕەشێتیی خۆم و سپێتیی من وایە
من لە دەریاکاندا ماسییە برینداره‌کانم تیمار دەکرد
خۆم لە بیابانەکاندا مارەکانی دەلاواندەوە.

دەستم ناگاتە ڕەنگەکانی ناوەوەی من
لە بەر (بێڕەنگیی) دەرەوەی خۆم
ناهێڵێ گوێم لە دەنگی ناوەوەی من بێ
ڕژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم.
ئەمەوێ گوێ لە هاژەی خەیاڵی ناوەوەی من بگرم
هەراسانی کردووم هاواری هیچی دەرەوەی خۆم.

من لە وێنەکاندا لە نێوانی عەشق و مناڵیدا ڕاوەستاوم
دەستێکم کردۆتە ملی خەیاڵ و

لەگەڵ جوانیدا بزە دەمگرێ.

خۆم لە وێنەکانیدا
لە نێوانی تەنیایی و پەشیمانیدا دەستەکانی شۆڕ کردۆتەوە.

من نامەکانی خۆم ناخوێنمەوە
خۆم نامەکانی من ناخوێنێتەوە
کەچی یەکتر بێنامە ناکەین
چاوەڕێی وەڵامی یەکترین.

من دەڕۆم بۆ دەریا تا شەپۆلێک بکەمە گۆڕی خۆم
خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لە دووریی ئاو بمرم
من و خۆم بیابان و دەریاین پێکەوە.

من شەوم
خۆم ڕۆژە
بە پێچەوانەی سروشتەوە
ئێمە شەووڕۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و ئاوادەبین.

من نەبووایە چۆن خۆمم دەناسی
خۆم نەبووایە چۆن منم دەناسی

من لە خۆم ناچم
خۆم لە من ناچێ
بەڵام ئێوە هەردووکمان نابینن.

کە بیر لە خۆم دەکەمەوە

تەواو هەراسان دەبم
کە بیر لە من دەکەمەوە
خەریکە نەیناسمەوە

هەر کەسە و) و خۆی لە شتێک دەشارێتەوە
من، من لە خۆی دەشارێتەوە
خۆم، خۆی لە من دەشارێتەوە.

کە شادومانی دەڕژێتە دڵی منەوە
خۆم لە غەمناکیدا ون دەبێت،

من چیرۆکەکانم بۆ خۆم ناگێڕمەوە
خۆم چیرۆکەکانی بۆ من ناگێڕێتەوە
من و خۆم دوو چیرۆک و یەک بەسەرهاتین
خۆم و من یەک بەسەرهات و دوو چیرۆکین

من ئاوێنەکانم (شکاند) (تا خۆم) نەبینم
خۆم ئاوێنەکانی( شکاند) تا من نەبینێت.

ڕەنگەکانی من ناچنەوە(سەر خۆم)
ڕەنگەکانی خۆم ناچنەوە سەر من
من و خۆم بێڕەنگین و هەزار ڕەنگی نائومێدیمان لێ دەڕژێ.

من جوانییەکانم ڕادەوەشاند تا بدرەوشێتەوە
خۆم خۆڵی گۆڕی منداڵەکانی دەکردە چاوی جوانییەکانەوە.

سەردەمی درەوشانەوەی من
خۆم بە تەم داپۆشی.

نانووسرێتەوە نزیکیی و دووریی نێوان من و خۆم
ئەمە نووسینەوەی نائومێدییە.

پێکهاتەی من خەیاڵ و فڕین و ڕامانە
پێکهاتەی خۆم کوشتنی خەیاڵ و فڕین و ڕامانە
من و خۆم کوشتن لە نێوانماندا ڕاوەستاوە
نەک ژیان.

من لە هەموو شتێک دوور دەکەومەوە لە خۆم نەبێت
خۆم لە هەموو شتێک دوور دەکەوێتەوە لە من نە بێت
من و خۆم پێکەوەین
هەمووشتێکمان لە یەک دوور کەوتۆتەوە

خۆم ئەیەوێت منی (بیر بچێتەوە)
من ئەمەوێت خۆم
کەچی خۆم بیرکردنەوەی منی داگیرکردووە
من بیرکردنەوەی خۆمم داگیرکردووە.

من غەمەکانم دەشۆمەوە
خۆم ئاگر لە شادییەکانم بەردەدات
من و خۆم ئاو و ئاگرێکی تێکەڵین

خۆم منی پرکردووە لە بۆنی هەراسانی
ناتوانم بۆنی گوڵەکان بکەم.

کەناری بێدەنگی من پڕە لە شوێنپێی خەیاڵ
خەیاڵی وەک یادگار (بە جێ ماوە)

خۆم خەیاڵی منی کوشت
خۆم دەنگێکە وەک مردوو
مردوو یەک ژیانی داگیرکردووم.

من لە تینوێتیدا دەمرم
خۆم گیرفانەکانی پڕە لە ئاو...
ئاو من دەچمەوە سەر ڕەنگەکانی تۆ
من دەچمەوە سەر درەوشانەوەی تۆ
من(ببە)
با لە خۆم دوورکەومەوە
ئاو خۆم دەچێتەوە سەر ڕەنگەکانی مردن
خۆم دەچێتەوە سەر تێکدانی یارییەکانی منداڵی
خۆم دەچێتەوە سەر (بێهەستیی) بیابانەکانی تەنیایی
خۆم بڕوای (بە نەرموشلیی ئاو نییە)
خۆم ناهێڵێ ئاو بە پەنجەکانی باخچەکان بژمێرێت
خۆم ناهێڵێ ئاو تۆزی سەر لێوەکان بژێنێتەوە
ئاو من
من دەچمەوە سەر تۆ
من لە دڵۆپەکانی تۆیا دەتوانم هێلانە (دروست کەم)
من لە دڵۆپەکانی تۆیا جێگام دەبێتەوە
خۆم بیر لە دەربەدەرکردنی ئاو دەکاتەوە بۆ بیابان
ئاو من ببە من.

من و خۆم بۆ یەکتر دەگەڕێین.
پێکەوە.

ئاو من و خۆم شەڕمانە
کەس هەست بەم شەڕە ناکات

کەس (شەڕگە و) (کوژراو و) پێکراوی ئەم شەڕە نابینێ
ناوی دەنێم: شەڕی کپ(؛) شەڕی من و خۆم .........
ئاو من ببە من
ئەمەوێت سەفەرکەم بۆ شارێک شوێنێک
دوور دوور کە خۆمی لێنەبێت.
زۆر کەس هەن شارەزای
زۆر شارو وڵاتن
کەچی من هێشتاکە شارەزای خۆم نیم. چی دەوێت.
خۆم دەبینم
ئا دەیبینم هەر بۆ ئەوەی پەستمکات
هەر بۆ ئەوەی هەراسان بم
بە ناوی منەوە قسەدەکات
دەگری پێدەکەنێت کوفر دەکات
بەناوی منەوە دەڵێت: دڵم پڕە لە نووری خواوەند
دەڵێت: لەخەونمدا خودام بینی خەریک بوو
قاچی شکاوی چۆلەکەیەکی دەگرتەوە
بەناوی منەوە دلێت: ئەمشەو تا دەمەو بەیان مەستبووم مەست.
......................

2007 /9/1 ..........2006, 11- 1
حەمە کاکەڕەش
سوید